The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
chak_org@yahoo.com

# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی چاک

ناوەندی (چاک)، کە سەرەتا لە تۆڕی ئینتەرنێتەوە بە ناوی (کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال)ەوە دەستیپێکرد و پاشان گەشەی کرد و پەلوپۆی هاویشت بۆ کوردستان و چەندین وڵاتی تری جیهان و بە چالاکییەکانی توانی دەستکەوتی مەزن لە بواری پرسی جینۆسایدی گەلی کورددا بەدەست بهێنێت، لە پێناوی تاوتوێکردنی کارەکانی پێشتری و سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی خۆی، پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەکی بنەڕەتی هەبوو.
گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ڕوخانی یەکێک لە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان کە ڕژێمی بەعسی ئەنفالچیی  داگیرکەری باشووری کوردستان بوو و گەشەکردنی چاک لە ڕووی ژمارەی ئەندامانی و چەندایەتی و چۆنایەتی چالاکییەکانی و زۆربوونی ئەرکەکانی و سەرکەوتنی لە دادگاییکردنی (فرانس ڤان ئانرات) و سەلماندنی جینۆسایدی گەلی کورد لە دادگایەکی ئەوروپیدا، بەستنی کۆنگرەیەکی زیندووی بۆ چاک کردبوو بە پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگر.

بۆ ئەم مەبەستانە و لە ژێر دروشمی (دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆساید ئەرکی هەنووکەییمانە و دوواخستنی تاوانە)،  ناوەندی چاک لە ڕۆژانی 2006/6/4-3 لە شاری کۆڵن لە وڵاتی ئەڵمانیا، کۆنگرەی خۆی بەست.
لە کۆنگرەدا، نوێنەرانی ناوەند لە چەندین وڵاتی جیاجیاوە ئامادەبوون. لە باشووری کوردستان و وڵاتانی تریشەوە کە لەبەر بارودۆخی دارایی ناوەند و کێشەی ڤیزا و هاتوچۆ، نەیانتوانی ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن، پێشوەخت بە ناردنی پێشنیار و بۆچوونەکانیان کۆنگرەیان دەوڵەمەند کرد.
بەشدارانی کۆنگرە، بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و بە گیانێکی لەخۆبوردووانەوە، لە کۆنگرەدا ئامادە بوون و ڕاشکاوانە بۆچوون و ڕوانگەکانی خۆیان خستە بەردەم بەشدارانی تری کۆنگرە و گفتوگۆیەکی قووڵیان لەسەر کرا.

لە کۆنگرەدا، پرسە هەنووکەیەکانی ئەمڕۆی ڕەوشی کوردستان و بابەتە پەیوەندارەکان بە ژینۆسایدی گەلی کورد، تاوتوێ کران و هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە لەسەر کار و چالاکییەکانی ناوەند، لە چوار ساڵی ڕابووردوودا بە گشتی و ساڵی پاردا بەتایبەتی، کرا.
کۆنگرە لە هەڵسەنگاندنی بۆ کارەکانی ڕێکخراوەکە، بوونی چاک و کارەکانیی لە ساڵانی ڕابووردوودا بەرز نرخاند و سەرکەوتنی (چاک)ی لە دادگاییکردنی (فرانس ڤان ئەنرات) وەک خاڵێکی درەوشاوەی مێژووی چاک، ناوزەد کرد.
کۆنگرەی چاک، زیاتر لە خاڵە پۆزەتیڤەکان، بایەخی بەو خاڵانە دا کە کەموکوڕییان تێدایە و پێویستییان بە گەشەپێدانی زیاتر هەیە.

کۆنگرە گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و زیندووی لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی (چاک) سازکرد و بەپێی پێداویستییەکانی بارودۆخی نوێ و ڕەوشی گەشەکردنی ناوەند، ژمارەیەک خاڵی لێ گۆڕین، هەندێک خاڵی لێ دەرکردن و هەندێکیشی خستە سەر.

دروشمی کۆنگرە کە بریتی بوو لە (دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆساید ئەرکی هەنووکەییمانە و دوواخستنی تاوانە)، یەکێک لە گرنگترینی ئەو خاڵانە بوو، کە کۆنگرە جەختی لەسەر کردن و وەک بەشێک لە کارنامەی ئایندەی (چاک) چەسپاندیانی و بڕیاری دا، بەردەوام بێت لەسەر پڕۆسە یاساییەکان لە کوردستان و هەندەران، بۆ بەدادگایی گەیاندن و سزادانی تەواوی ئەو کەس و کۆمپانیا و دەوڵەت و لایەنانەی کە بەشدار بوون لە پڕۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد.
کۆنگرە زۆر بە ڕوونی پێی لەسەر سەربەخۆبوونی (چاک) داگرت و ئەو ڕێ و شوێنانەشی تاوتوێ کرد کە سەربەخۆیی ناوەند دەپارێزن.

کۆنگرە بە بایەخێکی زۆرەوە باسی لە گشت پارچەکانی کوردستان کرد و بەتایبەتیش ئەو پارچانەی کە هێشتا هیچ جۆرە ئازادییەکیان تێدا بەدی نەهاتووە و هەڕەشەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردیان زیاتر لەسەرە، وەک باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
کۆنگرە جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەم ساڵدا، یادەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێت و لە پاڵ یادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، یادی کیمیابارانی سەردەشتیش وەک دەستەخوشکی هەڵەبجە شوێنی شیاوی خۆی پێ بدرێت و یادی تاوانەکانی قارنێ و قەڵاتان و سەرجەم تاوانەکانی تری ڕژێمی ئێرانیش، لە ئاستێکی بەرفراواندا و لەو وڵاتانەی کە چاک کاریان تێدا دەکات بەرز ڕاگیرێت و ڕژێمی ئێرانیش لە پای ئەو تاوانانەدا بەرەو دادگا پەلکێش بکرێت.
کۆنگرە بە توندی پێی لەسەر بەردەوامبوون لەسەر بردنەپێشەوەی کێشەی 18 پاکیزە ئەنفالکراوەکە و ڕاکێشانی ڕژێمی میسر بۆ بەردەم دادگا داگرت.
کۆنگرە پێی لەسەر پێویستی گەڕاندنەوەی ئێسکو پروسکی ئەنفالکراوەکان بە بێجیاوازی و باشکردنی بارودۆخی ژیانی پاشماوەی ئەنفاکراوەکان و قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە و سەرجەم قوربانییانی جینۆساید داگرت.
لە لایەکی ترەوە کۆنگرە ڕەخنەی توندی لە گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە باشووری کوردستان گرت.
کۆنگرە پشتیوانیی خۆی، بۆ گشت ئەو نەتەوە و گروپە ئاینی و ئەتنیکییانە دووپات کردەوە کە دووچاری چینۆسایدکردن بوون چ لە کوردستان و چ لە وڵاتانی تری جیهاندا.
کۆنگرە بە پێویستی زانی کە(چاک) پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوە هاوچەشنەکانی خۆی لە جیهاندا زیاتر گەشە پێ بدات و سوود لە ئەزموونەکانی ئەوانیش وەرگرێت.
کۆنگرەی ئامادەیی خۆی بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ سەرجەم حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و پیشەییەکانی کوردستان، سەبارەت بە خزمەتکردن بە پرسی جنۆسایدی گەلی کورد دووپات کردەوە، بە مەرجێک کار نەکەنە سەر سەربەخۆیی (چاک).
پاش تەواو بوونی گفتوگۆکان و گەیشتن بە بڕیاری گونجاو، لە بەرامبەر بە هەر بابەتێکی دیاریکراو، لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆدا، دەست کرا بە هەڵبژاردن. شێوازی هەڵبژاردن زۆر دیموکراتییانە و بە دەنگدانی نهێنی بوو.
سەرەتا سەرپەرشتیار و جێگری سەرپەرشتیار هەڵبژێردران. بە پێی ئەنجامی دەنگەکان ئەم دوو بەڕێزە ئەرکەکانیان پێ سپێردرا:

| | |
|---|---|
| عەلی مەحمود | سەرپەرشتیاری گشتیی ناوەند |
| سالار سۆفی | جێگری سەرپەرشتیار |

ئینجا دەستەی بەڕێوەبەری نوێ هەڵبژێردران و ئەم بەڕێزانە لە سەرەوە بۆ خوارەوە زۆرترین ژمارەی دەنگیان بەدەست هێنا و ئەرکی بەڕێوەبردنیان کەوتە سەر شان:

ڕوناک ئەحمەد
ذلێر موحەمەد عەلی
ئەمیر قادر
قادر نادر
جیهاد موحەمەد
سەڵاح گەرمیان
هادی بابەشێخ
حاجی ئەنوەر
ڕوناک شوانی
نزار ڕەسول

لە کۆتاییدا ئەندامانی لیژنەی چاودێری ناوەند هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە بەڕێزان:

عومەر فارس
گۆران هەڵەبجەیی
شاخەوان شۆڕش
ئیبراهیمی مەلازادە    یەدەگ

کۆنگرەی چاک پاش دوو ڕۆژ لە کار و گفتوگۆی بەردەوام، کات ژمێر 22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا، سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات.

## ناوەندی چاک
## 2006/06/04

chak_org@yahoo.com    nawandihalabja@yahoo.com    www.chak.info